حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان
بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی
دەرسگوتارەکانی خوێندنی باڵا بۆ دکتۆرا:

# قەیرانی رەوایەتی لە سیستمە سیاسییەکان؛ متمانەی سیاسی وەکو نموونە

# ازمة الشرعية في الانظمة السياسية؛ الثقة السياسية كنموذج

# Legitimacy Crisis in Political Systems: Political Trust as a Sample

پ. ی. د. بارزان جوهر صادق

پایزی ٢٠٢٣/ هەولێر

# خشتەی ناوەڕۆک


**یەکەم: ڕەوایەتی سیاسی ( الشرعية السياسية: Political Legitimacy)**

1 - شەرعیەت و مەشروعیەت
2 - قەیرانی شەرعیەتی سیاسی
3 - سەرچاوەکانی شەرعیەتی سیاسی
4 - وەزیفەکانی شەرعیەتی سیاسی
5 - تیۆرییەکانی سەرهەڵدانی شەرعیەتی سیاسی
6 - پەیوەندی قەیرانی شەرعیەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی

**دووەم: متمانەی سیاسی (الثقة السياسية- Political Trust)**

1 - ناساندنی متمانەی سیاسی ( زاراوە، چەمك، مێژوو، ڕەگەزەکان)
2 - تیورەکانی متمانەی سیاسی (تیۆری کولتووریی، تیۆریی دامەزراوەی، تیورەکانی تر)
3 - پەیوەندی متمانەی سیاسی بەسیستمی سیاسی
4 - متمانەی تایبەت و متمانەی گشتی
5 - متمانەی سیاسی بەدامەزراوەکانی سیستمی سیاسی
6 - پەیوەندی نێوان شەرعیەتی سیاسی و متمانەی سیاسی

**سێیەم: نموونەکانی قەیرانی شەرعیەت و متمانەی سیاسی بە سیستمە سیاسییەکان**

1 - متمانە و شەرعیەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان
2 - قەیرانی شەرعیەت و متمانەی سیاسی لە سیستمە سیاسییە عەرببیەکان
أ- تونس
ب- مصر
ت- عێراق
3 - قەیرانی شەرعیەت و متمانەی سیاسی لە سیستمە سسیاسییەکانی ئاسیا
أ- چین
ب- مالیزیا
4 - قەیرانی شەرعیەت و متمانەی سیاسی لە سیستمە سسیاسییەکانی رۆژئاوا
5 - قەیرانی شەرعیەت و متمانەی سیاسی لە سیستمە سسیاسییەکانی ئەفریقیا
6 - قەیرانی شەرعیەت و متمانەی سیاسی لە سیستمە سسیاسییەکانی ئەمریکای لاتین

## یەکەم: ڕەوایەتی سیاسی ( الشرعية السياسية: (Political Legitimacy

لەرووی زاراوەوە، بەکوردی رەوایەتی و بە عەرەبی (الشرعية) و بە ئینگلیزی (Legitimacy) پێ دەگوترێت. لەکوردی، رەوایەتی بەمانایی کارێکی رەوا و گونجاو لەگەڵ داب و نەریت و لۆژیک دێت، هاوکات کە بنەماکانی یاسای سروشتی و رەوشتی تێدا بەدی بکرێت. لە عەرەبی، شەرعیەت لە شرع وەرگیراوە کە مرادفی شریعیە، کە ئاماژەیە بۆ شرعی خودا بۆ عیبادەت و پابەندبوون بەو ئەحکامانەی دایناوە و لەرووی فەرمانیشەوە دەبێ خەڵک پابەندی ئەو شەرعە بێت. هەروەها لەئاینی ئیسلام شەرعیەت بە بەیعەت (البيعة) ناسێنراوە و ئیبن خەلدون دەڵێ (ئەو بەڵێن (عهد)ەیە کە بە سەردار (امير) دەدرێت بەو هیوایەی کە ئەم سپاردەیە بەجێ بگات کە کاروباری موسوڵمانان بەڕێوەببات. لە ئینگلیزی (Legitimacy) لەوشەی لاتینی (Legitimus) وەرگیراوە کە رۆمەکان وەکو هاوتای یاسا بەکاریانهێناوە.

لەسەردەمی کۆنەوە زۆر بایەخ بە بنەمای شەرعیەت دراوە بۆ حوکمڕانێتی بۆیە **سوکرات** پێی وابوو کە نابێ سیاسەت و ئەخلاق لێکدی جیا بکرێنەوە. دواتر فەیلەسوفانی سەردەمی کۆن زۆر گرنگیان بە شەرعیەتی سیاسی داوە، بۆ نموونە **ئەرستۆ** پێی وابوو کە حکومەت تەنها کاتێک شەرعییە کە بۆ بەرژەوەندی کۆی گشتی تاکەکانی کۆمەڵگا کار بکات، نەک بۆ بەرژەوەندی خۆپەرستی فەرمانڕەواکان.

تا هاتنی مۆدێرنیتە، بیرۆکەی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی لە پەراوێزی تێگەیشتن لە دەسەڵاتی سیاسیدا بوو، بەڵام لەگەڵ مۆدێرنیتە و ئەو گۆڕانەی کە بیری ڕۆشنگەری دروستی کرد، ئەو بیرۆکەیەی کە دەسەڵات شتێکە کە لە لایەن خوداوە دیاری کراوە، هاتە ژێر پرسیارەوە.

لە سەدەی حەڤدەمدا فەیلەسوفەکانی وەک **تۆماس هۆبز** دژایەتی بیرۆکەی مافی خوداییان کرد بۆ حوکمڕانی. هۆبز بانگەشەی بۆ ئەو بۆچوونە دەکرد کە هەموو مرۆڤەکان ئازاد و یەکسانن و دەسەڵات و توانایان هەیە بەرەو چارەنووس. بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن هۆبز و لۆکەوە پەرەی پێدرا، ئەو تێڕوانینەی هێنایە ئاراوە کە دەسەڵاتی شەرعی لە کۆتاییدا وابەستەی دەستبەرداربوونێکی خۆبەخشانەیە لەلایەن تاکەکانەوە لە مافی حوکمڕانی خۆیان، بۆ ئەوەی هەڵومەرجێکی گونجاو بۆ ئەو ئازادییە ئابووریی و سیاسیانە دروست بکات(ئێمە دواتر بە درێژی باسی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکەین وەکو سەرچاوەی شەرعیەتی سیاسی).

لەسەردەمی نوێدا، بۆ یەکەمجار **جۆن لۆک** وەکو چەمکێکی سیاسی بەکاریهێناوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەی دەسەڵات و گەشەسەندنی سیاسی. بەلای جۆن لۆکەوە شەرعیەت کۆمەڵێک بەهای هاوبەشە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات کە بەدەست هاتوون لە هەڵوێستی گەل و تاکەکان بۆ رەزامەندی دامەزراوەکان و پیادەکردنی دەسەڵات بەسەریاندا بەبێ بەکارهێنانی هێز بۆ رازیکردنیان.

**جان جان ڕۆسۆ** پێی وایە حکومەت  کاتێک شەرعیەتی هەیە ئەگەر لەسەر بنەمای "ئیرادەی گشتی خەڵکی " بێت.

بەهێزترین ناساندنی شەرعیەتی سیاسی دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ **ماکس ویبەر (Max Weber)**، کۆمەڵناسی ئەڵمانی،  بەلای ماکس ویبەرەوە سیستمی سیاسی شەرعی بەواتای بەشداربوانی سیستمەکە (خەڵک) هەندێک بیروباوەڕیان لەلا دروست بووە کە بونی سیستمێک پێویستە بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنیان. بەلای ویبەرەوە شەرعیەتی سیاسی دامەزراوەکان کاتێک دروست دەبێت کە خەڵک متمانە بە عەقڵانیەتی یاساکان بۆ بوونی دامەزراوەکان بکات، ئینجا پابەندییەکان (الالتزامات)ی دەسەڵاتی سیاسی دروست دەبێت و رەوایەتی پێ دەدرێت.

هەروەها ماکس ویبەر لەپێناسەی کورت و پوختی بۆ دەوڵەت و سیستمی سیاسی دەڵێ (مۆنۆپۆڵێکی شەرعیانەی هێزێکە لەسەر هەرێمێك یان خەڵکێکی دیارکراو"

“Legitimate hegemony of force over a territory”

کە زۆرینەی توێژەرە کۆن و نوێیەکانی وەکو گالبرێت ئەڵمۆند و فرانسس فۆکۆیاماو توێژەرانی تر پشتگیری ئەم پێناسەیە دەکەن. بەمانای وەگرتنی شەرعیەتەکە لەسەرەتاوە بۆ هێنانەکایەوەی ئاسایش و سەقامگیری و حوکمڕانیـتی باشە کە خەڵک بۆخۆی پێش مشروعیەتەکە ئەو شەرعیەتەی پێ دەدات بۆ ئەم ئامانجانەی سەرەوە.

**کارل مارکس** گومانی هەبوو لە هەر جۆرە چارەسەرێکی لەو جۆرە بۆ پرسی شەرعیەتی سیاسی. لای ئەو بیرۆکەی شەرعیەت بۆ خۆی ئەفسانەیەکی بۆرژوازی پێکدەهێنا، کە لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا لەسەر بنەماکانی ئیستغلالکردن و زاڵبوون دامەزرابوو، بەدی نەهات.

**مۆریس دوڤریجەش** پێی وایە هەموو سیستەمێکی سیاسی کە پابەند بێت بە کۆدەنگی جەماوەرییەوە، ڕەوایە و بەپێی ئەم ڕوانگەیە، شەرعیەت تەنها سیستەمێک نیە کە بەپێی بەهاکانی خۆی مامەڵە بکات، بەڵکو سیستمێکە کە لانیکەم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی خواستەکانی جەماوەری دەداتەوە.

هەر بۆیە **دەیڤد ئیستن** کاتێک سیستمی سیاسی دەناسێنێ بە جەستەیەکی سیاسی کارا کە توانای بەڕێوەبردن و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی خەڵکی هەبێت، مەبەستی ئەوەیە کە لەئەنجامی ئەم پرۆسێسەوە شەرعیەت بەرهەم دێت.

**دەیڤید بێنتهام** لە کتێبی "شەرعیەتدان بە دەسەڵات" (١٩٩١)دا، هەوڵیدا چەمکێکی زانستی شەرعیەت پەرەپێبدات، کە لەسەر بنەمای چەمکی وێبەر بێت، کە لە ڕوانگەی بینتهامەوە دەتوانرێت دەسەڵات بە شەرعی هەژمار بکرێت ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت یەکەم: دەسەڵات دەبێت بەپێی ڕێسا دامەزراوەکان بەکاربهێنرێت، جا لە کۆمەڵێک یاسای فەرمی یان پەیماننامەی نافەرمیدا

بەرجەستە بێت. دووەم: پێویستە ئەم ڕێسایانە لە ڕووی بیروباوەڕی هاوبەشی حکومەت و خەڵک ڕەوا بن.

**جۆن راولز** (John Rawls) دەیبەستێتەوە بە جێبەجێکردنی بنەماکانی دادپەروەری لە کۆمەڵگا. هەرکات ئەرک و مافەکان بەدادپەروەرانە دابەشکران، رەوایەتی سیاسی دروست دەبێت. بەهەمان شێوە فەیلەسوف و توێژەرانی تری سیاسی هەریەکەو رەوایەتی پەیوەست دەکەن بە چەند میکانیزمێکەوە.

**بەگشتی چەندین پێناسە هەن** کە باس لە چەمکی شەرعیەت دەکەن وەکو یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییە گرنگەکانی زانستی سیاسی کە *ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندی گشتی و قبوڵکردنی سیستەمی سیاسی بەو پێیەی ڕێککەوتنی خەڵکە و ملکەچبوونە بۆ دەسەڵاتێک کە لە چوارچێوەی ئەم گوێڕایەڵی و ڕەزامەندییەدا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.*

لەم چوارچێوەیەدا شەرعیەتی سیاسی بەمانای پەسەندکردنی دەسەڵات دێت لەلایەن خەڵکەوە، لەسەر ئەو بەها هاوبەشەی رێککەوتوون لەسەری کە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەببرێت کە بەرژەوەندی گشتی بپارێزن و زۆرینە حوکم بکات. واتا ئاماژەیەکە بۆ ئەو پەیوەندیی و رێککەوتنەی کە لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانپێکراو هەیە بۆ رێبازی سیاسی و هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە سیستمەکە و خەڵک دەیکەن.

**لە ناو ئەدەبیاتی عەرەبی** بە هەموو ئەو رێسا و یاسا و نەریتانەی کە رێکخستنێکیان بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک دروست کردووە یان بۆ دەستاودەستی دەسەڵات و پیادەکردنی دەگوترێت شەرعیەتی سیاسی. لەبەرامبەریدا ناشەرعی (اللاشرعية) بۆ بارێکە کە فەوزایە و بێ سیستمی و بێ بەڵێنییە. بەمەش شەرعیەت بریتییە لە بناغە و بونیادی حوکم کە سەقامگیری و رازیبوونی گشتی بۆ سیستمەکە بێنێتەکایەوە. لێرەدا بەهای سیاسی هاوبەش دێتەکایەوە کە دەبێتە نەریتی سیاسی و بەمەش دەڵێن ئەمانە شەرعیەتی سیاسیین. بەگوێرەی ئەم بۆچوونانە، دەسەڵاتداران نابێ هیچ بڕیارێک بدەن لەدەرەوەی بەها سیاسی کۆمەڵایەتییەکان و ئەمەش متمانەی خەڵک بە چینی فەرمانڕەوا دروست دەکات.

دەتوانرێت شەرعیەتی سیاسی بە دانپێدانان و قبوڵکردنی ڕەوایەتیی ڕێساکانی تەواوی سیستەمی سیاسی و بڕیارەکانی فەرمانڕەواکانیان لەلایەن خەڵکەوە وەسف بکرێت. بەم پێیە دەتوانرێت چاوەڕوانی دوو شت لەو سیستەمە سیاسیانە بکرێت کە ئاستێکی بەرچاو لە شەرعیەتی سیاسییان هەیە. یەکەم: ئەم سیستەمە سیاسیانە خۆڕاگرتر دەبن بۆ مانەوە لە قۆناغەکانی قەیران و، دووەم: دەسەڵاتداران و خەڵک بەهرەمەند دەبن لە بارودۆخێک کە پێویستە بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بە شێوەیەکی کاریگەر.

**کۆمەڵێک چەمک هەن کە بەشێکیان گوزارشتن لە شەرعیەت** و بەشێکیان رێگەخۆشکەرن بۆ بوونی ئەم چەمکە وەکو چەمکی دیمۆکراسی، گۆڕانی سیاسی، گەشەسەندنی سیاسی، دەوڵەتی مەدەنی و ...هتد.

بۆ نموونە پێناسەی یەکگرتووی دیمۆکراسی بریتییە لەحوکمی گەل لەلایەن گەلەوە بۆ گەل، هەروەها رەگەزەکانی دیمۆکراسی وەکو دەستاودەستی دەسەڵات بە ئاشتیانە و پاراستنی مافی کەمینە و پێکهاتەکان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن رای ئازاد و ... هتد، ئەمانە هەمویان سەرچاوەکانی شەرعیەتن بۆیە شەعیەت و دیمۆکراسی هاوشێوەن.

بەهەمان شێوە کۆمەڵگە مەرجی شەرعیەتی سیاسی بە سیستم بەستاوەتەوە  بە بوونی گەشەسەندنی سیاسی، چونکە ئەمە وادەکات کە کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەکانی پێشکەوتوو و پیشەسازییەکان دانەبڕێت. توێژەران پێیان وایە پێشکەوتنی وڵاتانی پیشەسازی بەهۆی سەروەری یاسا و دڵسۆزی بۆ نیشتمان و پێدانی شەرعیەتەوەیە. واتە گەشە و شەرعیەت دوو روی یەک دراون. ئامانجی دروستبوونی حکومەتی مۆدێرن بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە. شەرعیەتی حکومڕانێتی مۆدێرن لەئێستادا تەنیا سەروەری نیە، شەرعیەت بەندە بە سەرکەوتنی حکومەت لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک. هەرکات خەڵک پێی وابوو کە حکومەت لە رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان سەرکەتوو نەبووە یان ناتوانێت خزمەتگوزاری دابین بکات، شەرعیەت لەدەست دەدات.  هەربۆیە حکومەتەکان ناچارن خۆیان نوێ بکەنەوە و لەگەڵ گۆڕاناکرییە نوێیەکان خۆیان بگونجێنن.

 پێویستە بگوترێت کە **شەرعیەتی سیاسی جێگیر نیە تا کۆتایی**، بۆیە پێویستە دەزگاکانی سیستم خۆیان نوێ بکەنەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکان خۆیان بگونجێن تاوەکو شەرعیەتەکەیان بەردەوام بێت، بۆ نموونە هەڵبژارنی هەر چوار ساڵ جارێک فۆڕمێکی تری نوێی حوکمڕانێتی دێنێتەکایەوە کە مەیلی زۆرینەیە بۆ ئەجێندای پارتی سیاسی براوە و ئەمەش گۆڕانی سیاسی دروست دەکات و شەرعیەت بەردەوامی پێدەدات.

تێڕوانین لە شەرعیەتی سیاسی لە رەوتێک و بوارێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لەم سێ رەوتەی خوارەوە هەریەکەو بەشێوەیەک دەڕوانێتە شەرعیەت:

 1- ڕەوتی یاسایی: شەرعیەت بە سەروەری یاسا پێناسە دەکات، واتە ملکەچبوونی دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ یاسا و پابەندبوون بە سنوورەکانییەوە، ئەمەش یاسای نووسراو و نەنووسراو، واتە دەستوور و داب و نەریت دەگرێتەوە. هەروەها یاساکان دەبێت بنەمای شەرعیان هەبێت.

2- ڕەوتێکی ئایینی (یاسای ئیلاهی): شەرعیەت بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئایین پێناسە دەکرێت، و جەوهەرەکەی ئەوەیە کە سیستمی شەرعی ئەو سیستمەیە کە کاردەکات بۆ جێبەجێکردن و پابەندبوون بە ڕێساکانی ئایین یان یاسای ئیلاهی. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیی بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی یاسا و ڕاگەیاندنی باڵادەستی و تێپەڕاندنی، دەستبەرداربوون لە کۆنترۆڵکردن و ملکەچبوون بۆ

یاسا (حوکمکردن بەپێی یاسا). لەم ڕوانگەیەوە هەندێک دەبینن کە شەرعیەت لە مانای خۆیدا هاوواتای دەستەواژەی بەیعەت - ڕێزگرتنە لە میراتی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەیعەت وەک ئیبن خەلدون دەڵێت "پەیمانی گوێڕایەڵییە، وەک ئەوەی کەسێک بەڵێنی بەیعەت بە سەردارەکەی دەدات و ملکەچی دەکات و لە هیچ شتێکدا ناکۆکی لەگەڵ دروست ناکات. ئەگەر بەیعەتیان بە میر دا و پەیمانیان بەئەودا، دەستیان دەخستە دەستی وەک پشتڕاستکردنەوەی پەیمانەکە. لە ڕێگەی ئەم پێناسەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شەرعیەت لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە و بەپێی ڕوانگەی ئیبن خەلدون شەرعیەتی سیاسی گوێڕایەڵییە، بەو پێیەی میر خاوەنی دەسەڵات و سەروەرییە و هەموو دەسەڵاتەکانی هەیە، و مافی فەرمانکردن و قەدەغەکردنی هەیە، و تاکەکان تەنها دەبێت پابەندبن و گوێڕایەڵی بن.

3- ڕەوتی کۆمەڵایەتی-سیاسی: شەرعیەت بە قبوڵکردنی سیستەمی سیاسی و ملکەچبوونی خۆبەخشانە لەلایەن خەڵک بۆ دەسەڵاتێک پێناسە دەکات، بەهۆی باوەڕیان بەوەی کە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل دەدات، لەگەڵ تێڕوانینی خۆی بۆ دەسەڵات و بەکارهێنانی هاوڕایە.

## 1 – شەرعیەت و مەشروعیەت

شەرعیەت و مشروعیەت لە بنەڕەتدا یەکن، لەرووی پێشینەوە جیاوازن، چونکە مشروعیەت بە رەزامەندی شرع دێتەکایەوە. واتە دەبێ کارەکە یان بابەتەکە شرعی بێت ئینجا مشروعیەتی پێ دەدرێت. شەرعیەتی سیاسی و مشورعیەتی سیاسیش بەهەمان شێوە بەدوای یەکدی دێن و جیاوازن، شەرعیەتی سیاسی پێدانی هێزی سیاسییە بە دەسەڵات، و دەمانبات بەرەو گەرەنتی تەواوی ئازادی و ماف و پابەندبوونی ئەخلاقییە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام مەشروعیەتی سیاسی مەبەست بوونی سەنەدی یاساییە بۆ کاری دامەزراوەکانی سیاسی، ئابووری و کارگێڕی. جیاوازی نێوانیان بەکورتی ئەوەیە کە مشروعیەتی سیاسی پابەندبوونی دەسەڵاتە بە سیستمی یاسایی دەوڵەت و سەروەری دەوڵەت وەکو لە یاساکان هاتووە. بەڵام شەرعیەتی سیاسی بریتییە لە هێزی پابەندبوون بە یاسا و دەستوورەکان. شەرعیەت چوارچێوەیەکی فراوانتری لە مشروعیەت هەیە. شەرعیەت چەمێکی سیاسییە و مەشروعیەت یاساییە. شەرعیەت بۆ ئیدارەدانی گەلە و مەشروعیەت بۆ سەرچاوەی دەستوور و یاساکانە.

وشەی شەرعیەت ئاماژەیە بۆ بارێکی ئاسایی و دروستی لۆژیکی کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ بەرژەوندییەکانی تاکەکان و کۆمەڵ و پێچەوانەی داب و نەریت و بەرژەوەندی گشتی نەبێت. شەرعیەتی سیاسی پێدانی پەیمانێکە لەلایەن هاوڵاتیان بە دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی سیاسەت و دەوڵەت کە بتوانێت سەقامگیری و بەرژەوەندی گشتی بپارێزێ و رووبەڕووی قەیرانەکان بێتەوە، بۆیە **هەر خودی دەستوور خۆی** کۆمەڵێک رێسا و بنەما و داب و نەریت و دیسپلین و رێکاری شەرعییە بۆ سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. بونیادنان و بەردەوامی و مانەوەی سیستم دەوەستێتە سەر ئەدای دامەزراوەکان کە تاچەند دەتوانن خۆیان

بگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکاری نوێ و جێگای متمانەو ڕەزامەندی هاوڵاتیانی، بەکۆی گشتی ئەم پرۆسەیە دەگوترێت شەرعیەتی سیاسی. ئەگەر سەیری دەسەڵاتی کوردی بکەین پێش ساڵی ١٩٩٢، ئەوا تەنها شەرعیەتی سیاسییان (شەرعیەتی شۆڕشگێڕی) هەبوو، تەنانەت دوای ڕاپەڕینەکەش هەتا هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، دوای ئەمە کە هەڵبژاردن کرا و پەرلەمان یاساکانی دانا، ئیدی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان مەشروعیەتی سیاسی وەرگرت.

## 2 – قەیرانی شەرعیەتی سیاسی

زاراوەی "قەیران" ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی کە تێیدا فشارەکانی ناو کۆمەڵگا گەیشتوونەتە ئاستێک کە سیستەمی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بەرگەی بگرێت و لە مەترسی داڕمانی نزیکدایە.

**زۆربەی هەرە زۆری تیۆرەکان و ڕاسپاردە سیاسییەکان و توێژینەوەکان بۆ چارەسەری قەیرانێکی** سیاسی لە قۆناغێکی جیاواز کراون. دروستبوونی خودی شەرعیەتی سیاسیش بۆ چارەسەری مانەوە و بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی و هێنانەکایەوەی سەقامگیری، ئاسایش و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهیچ وڵاتێک شەرعیەتی سیاسی لە قەیران بەدوور نەبووە و قەیرانی شەرعیەتی سیاسی بۆتە چەمکێکی دیاری نێو بواری زانستە سیاسییەکان بەهەموو لقەکانییەوە.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە **هەندێک هۆکار هەن کە کاریگەریان لەسەر لاوازبوون و لەدەستدانی شەرعیەتی سیاسی هەیە** وەکو:

١ -**قەیرانی شەرعیەت لە سەر بناغەی دەستووریی و دامەزراوەیی**. ئەمە لە وڵاتانی جیهانی سێەم زۆرن و بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستاش کاریگەری دامەزراوەی ئیستعماریی بەردەوامن و گەندەڵی زۆر هەیە.

٢ -دروست بوونی **قەیرانی شەرعیەت بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵاتی**. لەزۆربەی کۆمەڵگاکان ئەم قەیرانە دروست دەبێت، چونکە هەمیشە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێش گۆڕانی سیاسی دەکەوێت و دەسەڵات ناتوانێت بەهۆی دامەزراوە تەقلیدیەکان ئیدارە کۆمەڵگا بکات و پێویستی بە گۆڕانە.

٣ -کاتێک **سیستمەکە بکەوێتـە بەر هەڕەشە یان بەرەو هەڵدێر بڕوات** و نەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ ئیدارەی کۆمەڵگا بدات.

٤- کاتێک **سیستمی سیاسی پێچەوانەی بەهاو بەرژەوەندی کۆمەڵایەت کار بکات**.

شەرعیەتی سیاسی پرۆسەیەکە بەردەوام لە پەرەسەندن و جوڵەیە، بۆیە لەئاستێکی وەستاو نیە و دەگۆڕێت بەرەو گەشەکردن یان دابەزین. هەندێک جار نوخبە دەسەڵاتدارەکان بەبێ پشتیوانی

سەرچاوەکانی شەرعیەت دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن، دواتر بە تێپەڕبوونی کات شەرعیەتی خۆیان بەدەستدەهێنن، پێچەوانەکەشی ڕاستە، هەندێک دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی شەرعی دەست بە حوکمڕانی دەکەن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لەوانەیە ئەم شەرعیەتە لەدەست بدات. لێرەوە **زۆربەی دەسەڵاتدارەکان، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە چۆن هاتنە سەر دەسەڵات، هەوڵی چەسپاندنی شەرعیەتی خۆیان دەدەن**، لەگەڵ ئەوەدا شکستی ئەو دەسەڵاتانە لە چەسپاندنی شەرعییەتی خۆیان بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین قەیرانەکان دادەنرێت لە سیستمی سیاسی کە ناوزەد دەکرێت بە "قەیرانی شەرعیەتی سیاسی"، بۆیە قەیرانی شەرعیەت گەورەترین مەترسی و هەڕەشە بووە بەدرێژاریی مێژوو کە ڕووبەڕووی دەوڵەتان و سیستەمی سیاسی دەبێتەوە. ڕەگەزی شەرعیەتی سیاسی یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی سەقامگیری هەر سیستمێک یان دەسەڵاتێکی سیاسی.

**کێن ئەوانەی باسی قەیرانی شەرعیەتی سیاسی دەکەن؟**

**قەیرانی شەرعیەت، وەک لوسیەن پەی** پێناسەی دەکات، "**داڕوخانە لە پێکهاتەی دامەزراوەیی و ئەدای حکومەتێکی دیاریکراو**، کە لە ئەنجامی ناکۆکییەکان لەسەر گرنگی و پێویستی و گونجاوی سروشتی دەسەڵات لە سیستەمی سیاسیدا هاتۆتەکایەوە. **بناغەی ئەو قەیرانە لە شەرعیەتی سیاسی بە بڕوای پەی بەهۆی پێکدادان لە ئایدۆلۆژیاو و بۆچوونی لایەنە جیاوازەکان سەبارەت بەو پەیمان و ڕێککەوتنەی هەبووە بۆ ئەدای حکومەت دێتەکایەوە** کە **خەڵک ترسی هەیە ئەم دەسەڵاتە کاریگەری خراپی لەسەر ئەدای حوکمەت لەداهاتوو دەبێت.**

لەبەرمبەردا **کارل دوتیش ڕەتی دەکاتەوە ئەمە تەنها پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیا یان پاساکانی گەیشتن بە حوکمڕانێتی هەبێت**، بەڵکو ئەمە **پەیوەستە بە سێ ڕەگەزی تری بونیادی شەرعیەت** وەکو، تاچەند شێوازی پابەندبوون بە بنەما دەستوورییەکان هەیە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها شێوازی باوەڕی خەڵک بەو ئەدایەی سیستمی سیاسی دەیکات لەگەڵ چاوەڕوانی بۆ ئەو پەیمان و ڕێکککەوتن و ئەجێندایەی کە دەسەڵات داویەتی بەخەڵک.

بەلای **هابرماسەوە** دەستەواژەی "شەرعیەت" ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی کە ***حکومەتێک یان سیستمێکی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات پاساو بۆ بوون و دەسەڵاتەکەی بێنێتەوە.*** هەموو حکومەتەکان پێویستیان بە شەرعیەتدان بە حوکمڕانی خۆیان هەیە، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ مافی دەسەڵات، بۆ پێشخستنی دەسەڵاتەکانیان وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی جەماوەریی، یان لانیکەم، ڕەزامەندی، کە بەبێ ئەو پشتگیرییە ئەگەری داڕمانیان هەیە.حکومەتە مۆدێرنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵک دەکەن وەک لە ئەنجامی هەڵبژاردن و دەستوورە نووسراوەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

**ئامانجی هابرماس لە باسکردنی قەیرانی شەرعیەتی سیاسی**، هەوڵدان و دەستنیشانکردنی خاڵە قەیراناوییەکانی ناو کۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان و چۆنیەتی بەردەوامبوونی دەوڵەتی

مۆدێرن بوو هەم لە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە قەیرانانە، هەم لە پاراستنی شەرعیەتی سیستەمی سەرمایەداریدا. هەوڵیدا پێشهاتە هاوچەرخەکان لەبەرچاو بگرێت بۆ گەشەسەندنی دەسەڵاتی دەوڵەت و دابەزینی ململانێی چینایەتی و هۆشیاری چینایەتی، بەتایبەتی لەنێو چینی کرێکاردا. هابرماس هەوڵیدا ڕوونی بکاتەوە کە هەرچەندە پێدەچێت سەرمایەداری پێشکەوتوو بەهێز بێت بەڵام تووشی قەیرانی بەردەوام دەبێت کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر شەرعیەتی سیستەمەکە و بەم شێوەیە دەبێتە هۆی داڕمانی. هابرماس بە جەختکردنەوە لەسەر هۆکارە کولتووری و ئایدیۆلۆژییەکانیش، هەوڵیدا تیۆری ڕەخنەیی مۆدێرن نوێ بکاتەوە و بنیات بنێتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوەکانی هابەرماس بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی شەرعیەتدان دادەمەزرێنێت.

**هابرماس لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی قەیرانی شەرعیەتدان (١٩٧٣)، هۆکارەکانی 'مەیلی قەیران'ی لەناو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا دەستنیشان کردووە.** پێی وایە کە ئەم قەیرانانە لە ئەنجامی دژایەتییەکی بنەڕەتی لە نێوان لۆژیکی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری و فشارە جەماوەرییەکان کە لەلایەن دیموکراسییەوە دێنە بوون، سەریان هەڵدا. کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان لەسەر بنەمای قازانج و بەرهەمهێنانی نایەکسانی چینایەتی دامەزراون، ئەمەش فشار دەخاتە سەر دەوڵەت بۆ فراوانکردنی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانی لە سیستەمێکی ئاوادا، تاوەکو شەرعیەت بە پرۆسەی دیموکراسی مسۆگەر بکرێت، کە دەبێتە هۆی چاودێری کۆمەڵایەتی، زیادبوونی بەشداریکردنی جەماوەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی. داواکارییەکانی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ لابردنی نایەکسانییەکان بەرز دەکاتەوە، ناچاری دەکات خەرجییەکانی بۆ ڕێوشوێنی ئاسوودە و ژیانی (قازانج نەویست) زیاد بکات. ئەم ناهاوسەنگیەش کێشە و قەیرانی شەرعیەتی سیاسی دروست دەکات. بۆیە بەبڕوای ئەم فەیلەسوفە کۆمەڵگای سەرمایەداری بەردەوام لەناو قەیراندا دەبێت، چونکە توانای خۆی بۆ بەردەوامبوونی خۆی لە ڕێگەی ئەو شەرعیەتەوە تاقی دەکاتەوە کە دەتوانێت لە ڕێگەی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسییەوە بەدەستی بهێنێت. بە بڕوای هابرماس، دیموکراسی سەرمایەداری ناتوانێ بۆ هەمیشەیی هەم داواکاری جەماوەری بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی و مافی خۆشگوزەرانی و هەم داواکاری ئابوورییەکی بازاڕ کە لەسەر بنەمای قازانجی تایبەت دروست دەبێ، تێر بکات. دواجاریش کاریگەری ئەم جۆرە قەیرانی شەرعیەتە دەبێتە هۆکاری  تێکدانی یەکگرتن یان یەکگرتوویی کۆمەڵگا و پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانی سیستەمی سەرمایەداری.

لەم جۆرە سیناریۆیانەی قەیرانی شەرعیەتدان، دەوڵەتی مۆدێرن بە گوتەی **هابەرماس**، لە یەک کاتدا پەنا بۆ 'ئاڕاستەکردنی سیستەم' و ڕێوشوێنی ئایدیۆلۆژی دەبات بۆ شەرعیەتدان و سەقامگیرکردنی پێکهاتەکانی ئێستا. ئەمەش بریتییە لە 'لێکدابڕان' یان جیابوونەوە لە ئابووری (پەیوەندییەکانی کار و سەرمایە بە مووچە) و کایە سیاسییەکان (دامەزراوەکانی حوکمڕانی). ئەمەش بەو مانایەیە کە پەیوەندی نێوان کاری کرێ و سەرمایە چیتر بەشێک نیە لە کایەی سیاسی.

هابرماس پێی وایە کە تەواوی سیستەمی سەرمایەداری پڕە لە دژایەتییە سروشتییەکان کە بەهۆی سروشتی ئەوەی کە سیستەمێکە بۆ پەرەپێدانی نایەکسانی داڕێژراوە نەک دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و دەسەڵات. لە دۆخێکی هەمیشەیی بەڕێوەبردنی قەیراندایە و تەنیا لەلایەن سیستەمێکی لاوەکییەوە هاوسەنگی دەهێڵرێتەوە کە قەرەبووی کەموکوڕییەکانی سیستەمێکی دیکە دەکاتەوە. بەم پێیە شەرعیەتدان لە کۆمەڵگاکان پشت دەبەستێ بە توانای دەوڵەت و ئامرازە کولتوورییەکان (لەوانەش میدیا) بۆ قەناعەتپێکردنی جەماوەر کە سیستمێکی دادپەروەرانەیە، عەقڵانییە و شەرعییە.

## 3 – سەرچاوەکانی شەرعیەتی سیاسی

**ماکس وێبەر**، سێ جۆر سەرچاوەی سەرەکی شەرعیەتی سیاسی دەستنیشان کرد، کە وا لە خەڵک دەکات دەسەڵاتی حوکمڕان و بڕیارەکانی قبوڵ بکات، ئەوانیش بریتیین لە:

**یەکەمیان: شەرعیەتی نەریتی (الشرعية التقليدية-Traditional Legitimacy)** بە واتای ئەو کۆمەڵە نەریتە ئایینی و داب و نەریتە خێڵەکیانەیە کە سەرکردایەتی سیاسی بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خەڵک دەیگرنەبەر، لەسەر بنەمای ئایین و نەریت. هەندێک لەم نەریتانە سەرەتا دەبنە جێگەی باوەڕی خەڵک بۆ شەرعیەت پێدان بەڵام دواتر ڕەنگە بەهۆی زۆر هۆکارەوە قەناعەتیان بەم سەرچاوەیە نەمێنێ و نموونەی ئەمەش مافی خودایی بۆ شەرعەیەتدان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا  لەئەوروپا کە لەلایەن خەڵکەوە بۆ چەندین سەدە قبوڵکرا، بەڵام دواتر کە تاکەکان هۆشیار بوونەوە و ئەمەیان ڕەتکردووە، ئەمەش قەیرانی شەرعیەتی سیاسی دروست کرد. نموونەی سیستەمی نەریتی دەسەڵات لەچەندین سەرچاوەی تر هاتبوو وەکو **پیاوسالاری** (حوکمڕانی باوک بەسەر خێزان) یان (حوکمڕانی پیران). ئەم جۆرە سیستەمە دەسەڵاتە نەریتییە هێشتا دەتوانرێت لەو کۆمەڵگایانەدا ببینرێت کە سیستەمی بۆماوەیی و پاشایەتی دەسەڵات تێدا ماوەتەوە بۆ نموونە وەک لە سعودیە و مەغریب و کوێت و فۆرمەکانی دەستوریی وەک لە ئینگلتەرا و هۆڵەندا و ئیسپانیا. بۆیە ماکس ویبەر پێی وایە ئەم هێزی داب و نەریتە کە کۆمەڵگە پابەندی حاکم دەکات، وراثە یان میراتی رۆڵی  گرنگی هەیە، هەندێک جاریش فەرمانە دینییەکان.  ئەم شەرعیەتە خاوەن تایبەتمەندییەکی پارێزگارانەیە چونکە بەشێکیان باوەڕیان وایە کە ئەو سیستمەی هەیە دەبێ بمێنێ و بپارێزرێ (دەسەڵاتی شەرعی تەقلیدی).

فەلسەفەی ئەو شەرعیەتە نەریتییە لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا لەسەر بنەمایەکی دیاریکراوی باوەڕبوون بە بەهێزی و پیرۆزی داب و نەریتی باو دامەزراوە و شەرعیەتی خۆی وەردەگرێت، ئەو بیروباوەڕانە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژدەبنەوە و ڕێسای زاڵیان پێکهێناوە لەسەر خەڵک، ئەمەش زۆر جار بینومانە کە دەسەڵاتکار و سەرداری ستەمکار و دیکتاتۆری دروست کردووە و ئەندامانی کۆمەڵگا

هێشتا خۆیان بەقەرزارو گوێڕایەڵی و دڵسۆزی ئەوان دادەنێن. لە دەرکردنی فەرمانەکاندا پشت بە پێگەی بۆماوەیی دەبەستێت و ئەم فەرمانانە زۆرجار گوزارشت لە خواستی کەسی فەرماندە یان سەرکردە دەکەن نەک شەرعیەتی گەل. ئەم مۆدێلەی شەرعیەتی سیاسی، سێ ستایلی لاوەکی لەخۆدەگرێت وەکو (النمط الأبوي، النمط الرعوي القبلي العشائري، النمط الإقطاعي).

**دووەم: شەرعیەتی سەرکردایەتی کاریزماتیک (الزعامة الملهمة-Charismatic Legitimacy)** بەشێکی تری سەرچاوەی شەرعیەتە کە دەیبەستنەوە بە کەسایەتی پیرۆز و لێهاتوو (شەرعیەتی کاریزمایی). ئەم شەرعیەتە پەیوەستە بە هێز و توانای کەسێک کە پیرۆزی پێ بەخشیوە لە کۆمەڵگە و پێیان وایە ئەمە دەتوانێت بەڕێوەیان ببات. حاکم لێرەدا خۆی سەرچاوەی شەرعییەتە، سەرکردە کاریزماتیکەکان هەوڵدەدەن بە پێگە کۆمەڵایەتی و کاریزماتیکیەکەیان سەرنجی خەڵک رابکێشن و کۆنترۆڵی هەموو ناوەندەکان بکەن. بڕیارە سیاسییەکانیان کەسییە نەک دامەزراوەیی، داڕشتنی یاساو رێساکان تەنها گوزارشت لە بیرکردنەوەکانی کەسایەتی کاریزماکە دەکات، بەڵام ئەم سەرچاوەی شەرعیەتە هەمیشەیی نیە، لەگەڵ کۆچی دوایی ئەو سەرکردەیەدا نامێنێت و ئەمەش خزمەت بە سیستمی سیاسی ناکات، بەو پێیەی وەک سەرچاوەیەکی کاتییە بۆ شەرعیەت.

ئەوەی دەسەڵاتی ئیلهامبەخشە (کاریزما)، بەلای ماکس وێبەرەوە سەرچاوەیەکی گرنگی شەرعییەتی سیاسییە لەو کۆمەڵگایانەدا کە لەسەر بنەمای نەریتی دامەزراوە. ئەم دەسەڵاتە لەسەر بنەمای دڵسۆزی ڕەها بۆ پیرۆزییەکی دیاریکراو و ناوازە دامەزراوە و پەیوەستە بە سەرکردەیەکی قارەمان و ترسناک و مێژووییەوە کە هەڵگری پەیامێکە، کە خاوەنی فەزیلەت و سیفەتێکە کە ئەندامانی کۆمەڵگا پێی سەرسامن و بە نائاسایی دەزانن و بوونی ئەو کاریزمایانە هەندێک جار بەشێوەیەک لێک دەدرێتەوە کە پشتیوانی هێزێکی باڵاتر (نەبینراو یان خودایی) هەیە، هەندێکجاریش وەک نێردەی پەروەردگاری خودایی وەسف دەکرێت. ئەمە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بە هەندێک سەرکردەی سیاسی یان نەتەوەییەوە گرێدرا، جا سەرکردەی دەوڵەتان بێت یان سەرکردەی حزبە سیاسییەکان. بەم پێیە شەرعیەتی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی دەبەسترێتەوە بە دەستکەوت و کردەوە سەرنج راکێشەکانی ئەم سەرکردەیە، و شکستەکەی دەبێتە هۆی ناسەقامگیری متمانەی کۆمەڵگا و دروستکردنی دۆخی ناسەقامگیری سیاسی و دواتر ململانێی سیاسی لەسەر ئاستی سیستم. نموونەی دەسەڵاتی کاریزماتیک زۆرن لەسەردەمی کۆن و نوێدا، وەکو مۆسۆلینی، هیتلەر، ناپلیۆن کە کەسایەتی جەماوەرییان هەبوو، هەروەها غاندی، ماندێلا، چیڤارا ...هتد.

**سێیەم: شەرعیەتی عەقڵانی – یاسایی (الشرعية العقلانيه القانونية- Rational-Legal Legitimacy)**ییە. لە چوارچێوەی ئەم شەرعیەتەدا دەسەڵات لەسەر بنەمای یاساگەلێک دامەزراوە کە پشت بە دەستوور دەبەستێت و ئەمەش سیمای شەرعیەتی پێدەبەخشێت. ئەم مۆدێلە بنەمای نالۆژیکی و ناعەقڵانی و وەهمی تێدەپەڕێنێت و وابەستەی کەسێک و نەریتێک نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای عەقڵانی و یاسایی و مەنتقی دەسەڵاتدارێتی دادەمەزرێت. سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتە

ئەوەیە کە گوێڕایەڵی ئەندامانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای باوەڕەکەیانە کە کۆمەڵێک ڕێکار و ڕێسای گونجاو هەیە کە هەم لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و هەم خەڵکەوە قبوڵ دەکرێن و دەسەڵات و سیستەمی سیاسی لەم جۆرە دەسەڵاتەدا شەرعیەتی خۆیان لە ڕێسا دەستووری و یاساییەکانەوە وەردەگرن و سەرچاوەی دەسەڵاتیش لە بنەڕەتدا لە سیستمێکی شەرعیدا وەرگیراوە و لێرەدا بیرۆکراسی دەسەڵاتی شەرعی و عەقڵانی و یاسایی بەرجەستە دەکات. واتا ئەم جۆرە شەرعیەتی سیاسی بە کۆمەڵێک یاسای ورد و ڕێسای دیاریکراو دەبەستێتەوە. چوارسەد ساڵە لیبراڵیەتی ئەوروپی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە و هەر ئەمەش بووە هۆکاری مانەوە و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە رۆژئاوا.

**مایکل هدسون و دەیڤید ئیستن و چەندین توێژەری تر بەهەمان شێوە و نزیک لە ماکس ویبەر سەرچاوەکانی شەرعیەتیان دابەش کردووە، بەڵام** ئەم دوانە قاعیدەی ئایدۆلۆژییان بۆ سەرچاوەی شەرعیەت زیاد کردووە. دەیڤد ئیستن وەکو ویبەر سەرچاوەکانی شەرعیەت بۆ سێ بەش دابەش دەکات، یەکەم پێشەوایەتی کەسایەتی (الزعامة الشخصية)، ئایدۆلۆژیا و شەرعیەتی بونیادی (الشرعية البنيوية). بۆ ئەوەی یەکەم، مەبەست کەسایەتی پیرۆزو کاریزمایە کە بەهۆی تایبەتمەندییەکانی دەتوانێ شەرعیەتی حوکمڕانێتی بەدەست بێنێت و سیستمەکە ئاراستە بکات. دووەم، ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی، ئاینی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی ئیشتراکیی و ...هتد، شەرعیەتەکە دروست دەکەن. بۆ سێیەم سەرچاوەی شەرعی، ئیستن مەبەستی لە بونیادی دامەزراوەکانە کە بە درێژایی کات دروست دەبن و خۆیان دەپارێزن و شەرعیەتیان بەدەست هێناوە.

**هەندێکی تر سەرچاوەکانی وەکو رازیبوون (الموافقة) و کاریگەربوونی سیستمەکە و چەندین** سەرچاوەی تری وەکو سەرچاوەی شەرعیەت دادەنێن. **بەشێکیان پێیان وایە** سەرچاوە و جۆرەکانی شەرعیەتی سیاسی فرە جۆرن وەکو شەرعیەتی دیمۆکراسی، شەرعەیەتی ثیۆکراسی، شەرعیەتی دەستووریی و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی. بۆ نموونە "شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە"، کە لە شۆڕش بۆ سەربەخۆیی دێتەکایەوە، خۆی لە خۆیدا دەبێتە سەرچاوەی شەرعییەت بۆ ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. وە هەروەها "شەرعیەتی دەستوری"، بە تۆڕێکی یاسایی مەرجدار بەستراوەتەوەو سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی تێدا دیاریکراوە و رەزامەندی لەسەرە. لەهەمان کات، "شەرعیەتی دیموکراسی"، کە تێیدا خەڵک دەسەڵات بە فەرمانڕەواکان دەدات سەرچاوەیەکی گرنگی شەرعیەتی سیاسییە.

## 4 – وەزیفەکانی شەرعیەتی سیاسی

شەرعیەتی سیاسی چەند وەزیفەی سەرەکی هەیە:

یەکەم، پاساوی پێویستبوونی دەسەڵاتی سیاسی بەدی دێنێت. زۆربەی زانا سیاسییەکان باسی حاڵەتی گواستنەوەیان لە دۆخی سروشتی و فەوزا کردووە بۆ دۆخی دەوڵەتی مەدەنی و راگراتنی فەواز و جەنگ. واتە لێرەدا بەکورتی یەکێک لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە کە شەرعیەتێک بۆخۆی دروست بکات کە بوونی سیستمەکە دەتوانێ کۆمەڵگە لە نادادپەروەری و فەوزا و جەنگ و هەڕەشەکان بپارێزێ.

دووەم، **سیستمی سیاسی دەبێ بتوانێ هێزێکی خۆسەپێنی هەبێت بۆ** زاڵبوون بەسەر هێزەکانی تری ناشرعی کۆمەڵگە یان دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمی. **لێرەدا شەرعیەتی سیاسی بەهۆی مشورعیەتی سیاسی دەپارێزرێت**، چونکە خودی خەڵک دەنگ بە پەرلەمان دەدات و ئەوانیش یاساکان دەردەکەن و مەشروعیەتی بەڕێوەبردنی حوکم دیاری دەکەن. وەکو هۆبز دەڵێت کە خەڵک متمانەی بەخشیە حکومەت دەبێ ئەم حکومەتە بتوانێ لە هێزەکانی تری دژی بیپارێزێ. دەوڵەت ئەمە لە رێگەی دامەزراوەکانەوە ئەنجام دەدات کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەندامان و گروپەکانی نێو کۆمەڵگە فێری پابەند بوون دەکات.

سێیەم، سیستمی سیاسی بۆ ئەوەی شەرعیەتی سیاسی هەبێت دەبێ **هەست بە پابەندبوون** (التزامات السیاسیة)ی بکات. بەشێک لە بیرمەندانی سیاسی ئاماژە بۆ ئەم ئەرکەی شەرعیەتی سیاسی دەکەن کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی بە ئەرکی هێنانەدی بنەما ئەخلاقیەکان و پێوەرەکانی دادپەروەری پابەند بێت بۆ ئەوەی شەرعیەتی خۆی بپارێزێ.

چوارەم: وەزیفەیەکی تری شەرعیەتی سیاسی ئەوەیە کەدەبێ بەردەوام لە نوێبوونەوە و خۆگونجاندن بێت لەگەڵ بارودۆخی نوێ یان ئەو قۆناغەی تێیدایە. نوێبوونەوەی شەرعیەتی سیاسی هێزی زیاتر دەدات بە دەسەڵاتی سیاسی یان بەلایەنی کەمەوە بەردەوامی پێ دەدات و لەهەمان کات گوێڕایەڵی و ئاسانکاری حوکمڕانێتی دروست دەکات.

## 5 – تیۆرییەکانی سەرهەڵدانی شەرعیەتی سیاسی

لەگەڕان بەدوای بنەمای شەرعیەتی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، کە چەندین تیۆری باسی لێوە کراوە، ئەم تیۆریانە بریتین لە:

**یەکەم: تیۆری پیرۆزی دەسەڵات** (تیۆری ئایینی یان ثیۆکراتی): ئەم تیۆرە چەندین شێوەی وەرگرتووە، لەوانە:

أ- تیۆری سروشتی حاکمیەتی ئیلاهیی: ئەم تیۆرە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە حاکم سروشتێکی ئیلاهیی هەیە، ئەو لەلایەن خوداوە هەڵنەبژێردراوە، بەڵکو خودی خودایە، لە ئەنجامدا حاکم چێژ لە ڕەهایەتی شەرعیەتی سیاسی وەردەگرێت دەسەڵات بەسەر خەڵک و دەوڵەت دەکات، دەوڵەتیش ئەمە بە پیرۆز دادەنێت و دەستی لێ نادرێت و بەمجۆرە ئەم تیۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی ڕەها بدرێت بە فەرمانڕەوا کە بە هیچ پێوەرێک سنووردار نەکراوە و هیچ بەرپرسیارێتییەکی بەدوای خۆیدا ناهێنێت لەبەردەم خەڵکدا.

ب- تیۆری مافی ناڕاستەوخۆی خودایی: لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەرکەوتووە، ئەم بیرۆکە باس لەوە دەکات کە خودا ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوا هەڵنابژێرێت، بەڵکو خەڵک ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگایەک کە بەرەو هەڵبژاردنی ئەوانیان دەبات، و بەم شێوەیە فەرمانڕەوا لە ڕێگەی گەلەوە دەسەڵاتی وەرگرتووە لە ژێر ڕێنمایی ئیدارەی ئیلاهیی، واتە بە مافی ناڕاستەوخۆی خودایی. بەو پێیەی دەسەڵاتی خۆی لە خوداوە وەردەگرێت، جگە لە خودا کە ناتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

**دووەم: تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی**

ڕەگی شەرعیەتدان بە سیستمی سیاسی دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی. شەرعیەتدان بەحکومەت بەشێکە لەکولتوری سیاسی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەنێوان هاوڵاتیان و حوکمداران، ئەگەر ئەدای خراپ هەبێت ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ناسەقامگیری پەیمانەکە دروست دەکات.

لەسەردەمی مۆدێرنیتەدا **تۆماس هۆبز** گرنگی بە شەرعیەت و متمانەی سیاسی لەپرۆسەی سیاسی خستەوە بەرباس. بەبڕوای تۆماس هۆبز شەرعیەت و متمانەی سیاسی دەچێتە نێو گفتوگۆی پەیمانی کۆمەڵایەتی. دروستبوونی حکومەت و متمانەپێکردنی بۆمەبەستی هێنانەکایەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە و ڕێگرییە لەتوندوتیژی، ئەمە کرۆکی بۆچوونەکانی تۆماس هۆبزە . بەلای هۆبزەوە نادڵنیایی لەرەفتاری خەڵك هەیە و پێشبینی ناکرێت کەجێگیر بێت. ئەمەش دۆخێکی ئاڵۆز دێنێتە کایەوە و دەبێتە هۆی جەنگ. ئەرکەکانی متمانە لەم کۆنتێکستەدا بریتییە لە باوەڕبوون و چاوەڕێکردنی کاری باش و دوورکەوتنەوە لەگومان و ڕێگاکانی تر . واتە لەدیدی ئەم فەیلەسوفە دوای ئەوەی سەروەری ڕەها دروست دەبێت و حاکم دەسەڵاتێکی بێ سنووری دەبێت، شەرعیەت و

متمانەکردن لەنێو خەڵك چەکەرە دەکاتەوە، چونکە ئەم سەروەریەی دەسەڵات بۆ سزا و ترساندن نیە، بەڵکو بۆ ئاسایش و سەقامگیریە و ئەمەش وا دەکات تاکەکان متمانە بەیەکتر بکەنەوە.

بەهەمان شێوە **جۆن لۆك** ئاماژەی کردووە بەگرنگی شەرعیەت و متمانە بەحکومەت "کۆمەڵگە پێویستی بەهێزێك هەیە بۆ حوکمڕانیەت. لەنێوەندی ئەو متمانەیەی دەیبەخشن، دەتوانن **پارێزگاری لەموڵکیەتیان بەدەست بێنن** و کاروبارەکانیان بەڕێوەببەن". لەلای جۆن لۆك حکومەت دەبێ جێگەی متمانەی خەڵك بێت لەسەر بنەمای پەیمانەکە بەڕێوە بڕوات، چونکە خودی حکومەت بەرهەمی متمانەپێدانی خەڵکە، هەرکات متمانە نەما پەیمانەکەش دەشکێ. بەووردبوونەوە لەکارەکانی جۆن لۆك بۆ پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵات و جۆری گرێبەستەکە، بۆت دەردەکەوێت کەئەمە بۆ خۆی شیکردنەوەیەکی تیۆری شەرعیەت و متمانەی سیاسییە. تیورەکەی لۆك بۆ مەبەستی گرێبەستە لەنێوان هەردوو لایەن (خەڵك و دەسەڵات) بۆ **سەقامگیری** کۆمەڵگە. کەواتە دەبێت حکومەت جێگەی چاوەڕوانی هێنانەدی ئەم ئامانجە بێت بۆ ئەوەی متمانەی پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیش بەشێکە لەگرێبەستەکە، هەرکات متمانەی لەدەست دا بەتێروانینی لۆك دەبێت ڕێگای لێبگیرێت. ئەو لەنامەی دووەم دەربارەی حکومەتی مەدەنی ئەمە بەمافێك و یاسایەکی سروشتی دادەنێت و وەکو گرێبستی متمانە لەنێوان حکومەت و خەڵك دەخاتەڕوو.

جۆن لۆك ئاماژە بەچەندین فۆڕمی جیاوازی متمانە دەکات. بەلای لۆکەوە سنووری کۆمەڵگە ناتوانرێت بدۆزرێتەوە لەنەریت و پێوەری تر، بەڵکو تەنها بەهۆی متمانەوە دیاری دەکرێت. متمانە یان متمانە بوون هێزێکە کەدەتوانێ شەرعیەت دروست بکات یاخود چارەی بەریەککەوتنی ئارەزووی تاکەکان بکات. بەلای لۆکەوە، متمانەی کەسێك بەیەکێکی تر، پێویستە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی شیاو، پێی وایە ئەمە پڕەنسیپێکی بنەڕەتی ڕەوشتی و یاساییە. جیهان لەدەرەوەی متمانە بریتییە لەجیهانێکی خراپ، پڕ ئاژاوە و تاڵانکردن. بۆ چارەسەری ئەمانە، لۆك پێی وایە دەبێ پەنابەینە بەر متمانە کردن. بۆ لۆك متمانە کاردانەوەی پشت بەستنە بەبنەماکانی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و لەبەرئەوەی شەرعیەتە لەچاوەڕوانی ئەوانیتر.

**جان جان ڕۆسۆ** لەکتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر **ویستی گشتی دەکاتەوە بۆ دروستبوونی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی**، بێگومان کۆکردنەوەی ئیرادەی یەك بەیەکی تاکەکان بۆ مەبەستی شەرعیەتدان و متمانە بەخشینە بەئیرادەیەك کەنوێنەرایەتی هەمووان بکات بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی پەیمانەکە لەحوکمداریدا. ڕۆسۆ شەرعیەت و متمانە پێناسە دەکات بەوەی کە "**دۆخێکی دەروونیە کەنیەتی کەسێك دەگرێتەخۆ بۆ پەسندکردنی لایەنێکی تر** لەسەر بنەمای پێشبینیە ئەرێنیەکانی و ڕەوشتی کەسانی تر" بۆ مەبەستی نوێنەرایەتی کردنی لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە.

**هەر سێ فەیلەسوف بەدوای چارەسەرکردنی کێشەی گەورەی کۆمەڵگەن کەبریتییە لەرەواندنەوەی ئەو نادڵنیاییەی کەرووبەڕووی ئاسایشی کۆمەڵگەکەیان بۆتەوە**. ئەگەر ووردبینەوە لەنیەتی ئەو

تیوریستانە دەبینین تیشك دەخەنە سەر قۆناغێکی گوازراوە لەو گێژاوەی کۆمەڵگە تێی کەوتووە بۆ قۆناغێك کە تاڕادەیەك ئاسایش، یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێنێتەدی. بۆئەم مەبەستە خەڵك **جگە لە شەرعیەت بەخشین بە لایەنێك بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، هیچ دەرچەیەکی تر شك نابەن**، بۆیە دەشێ ئێمە بڵێین تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی کەتاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتی سیاسی وەکو بناغەی سیستمی دیمۆکراسی، لەسەر بنەمای شەرعیەت و متمانەی سیاسی دروست بووە.

## 6 – پەیوەندی قەیرانی شەرعیەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی

**کاتێک باسی شەرعیەت بە سیستمی سیاسی دەکەین، چەمکێکی تری هاوشێوە کە گوزارشت لەبابەتەکە دەکات دێتەکایەوە ئەویش شەرعیەتی دامەزراوەییە.** شەرعیەتی دامەزراوەیی و دەستووری بریتییە لە سەروەربوونی بنەما یاساییەکان و پابەندکردنی بەرپرسانی دامەزراوە فەرمییەکان بە بنەما دەستووریی و یاساییەکان بۆ رێکخستنی مافەکانی تاک و دڵنیایی پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە کۆمەڵگا. سیستمی سیاسی بەگوێرەی پێویستی کۆمەڵگە و حکومەت دامەزراوەکان دروست دەکات و یاسای لەپەرلەمان بۆ دەردەکات. بەحوکمی ئەوەی نوێنەرانی گەل دەنگ لەسەر دەستوور دەدەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ و لەرێگەی نوێنەرەکانیان لەپەرلەمان بە ناڕاستەوخۆ داندەنێن بە یاساکانی کارپێکراو بۆ کارکردنی دامەزراوەکان، ئا لێرەدا ئەم دامەزراوانە شەرعیەت دروست دەکەن و خەڵکیش پەسەندیان دەکەن و ئامادەن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

ئێمە لەسەرەوە باسی قەیرانی شەرعیەتی سیاسیمان کرد، بۆیە لێرەدا دەمانەوێت راستەوخۆ بچینە سەر باسی پەیوەندی و کاریگەری شەرعیەتی سیاسی و سیستمی سیاسی و دواتر هۆکار و لێکەوتەکانی ئەو قەیرانەی بەسەر شەرعیەتی سیاسی دێت لەسەر سیستمی سیاسی چۆن دەبێت.

پێش دەستپێک گرنگە بزانین کە بۆ ناساندن و باسی سیستمی سیاسی، دەیڤد ئیستن تاوەکو ئێستا بەپێشەوای باسکردنی سیستمی سیاسی دادەنرێت. ئەم توێژەرە لەچوارچێوەی هاوکێشەی تێهاوێشتەو دەرهاوێشتە باسی سیستمی سیاسی دەکات. بەومانایەی سیستم داواکاریەکانی هاوڵاتیان وەردەگرێ و دواتر بەگوێرەی تواناکانی وەڵامیان دەداتەوە. ئەوەی ئەرکی سەرەکی دەداتە سیستم، دابەشکردنی بەها و مواریدەکانە، چونکە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی بەسەر کۆمەڵگەوە، سیستمی سیاسی دروست دەبێت.

د. محمد حسن بهلول پێی وایە پەیوەندی بەهێز لەنێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا هەیە، چونکە قەیرانی شەرعیەتی سیاسی بەهۆی کێشە (خلل) لە پێکهاتە و وەزیفەی سیستمی سیاسی دێتەکایەوە. ئەمەش لێکەوتەی زۆری دەبێت لەسەر سیستمی سیاسی، چونکە ئیدی ئینتیما و پابەندبوون و دڵسۆزی و ئەرک و فرمانەکانی نێوان هاوڵاتی و حکومەت لاواز دەبێت یان نامێنێ، بەمەش سیستمی

سیاسی بەرەو پوکانەوە دەبات و هەردوو لایەن خەڵک و دەسەڵات لەئەنجامی ئەو پێکدادان و مامەڵە نادروستە توشی کێشە دەبن.

ئەڵمۆند پێی وایە لەئەنجامی ئەم هاوکێشەی سەرەوە چەندین قەیران بۆ سیستمی سیاسی دێتەکایەوە وەکو ( قەیرانی بونیادنانی دەوڵەت، قەیرانی بونیادنانی نەتەوە، قەیرانی بەشداری سیاسی، قەیرانی دابەشکاریی). ئەم قەیرانانە بەردەوام دەبن و کاریگەری لەسەر داواکاری کۆمەڵگە و ئاڵینگاری لەسەر سیستمی سیاسی دروست دەکەن لەهەردوو ژینگەی ناوەوە و دەرەوە.

هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی شەرعیەتی سیاسی لەناو سیستمی سیاسی فرەچەشنن. زۆربەی جار شکستی سیستمی سیاسی لە ئەرکداریەتی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت، ئەمەش بەهۆی خراپی بیرۆکراسیەتی سیستمی سیاسی و رۆڵی پارتە سیاسییەکان و گروپەکانی بەرژەوەندی دێتەکایەوە. هۆکارێکی تری ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی (غیاب)ی دەسەڵاتی بەهێز لە رێکخستنی کۆمەڵگەی سیاسی و پرۆسەی سیاسی کە ئەمە رێگەخۆشکەرە بۆ کەمبوونە و نەمای متمانەی سیاسی هاوڵاتی بە دەسەڵاتی سیاسی فەرمی. زیاتریش لەمانە، ئەوەی قەیران بۆ شەرعیەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی دەخولقێنێ بریتییە لە فاکتەری پێشێلکردن یان دروستکردنی بڕیار و فرمانەکان لەدەرەوەی رێسا و یاسا دەستوورییەکان. فاکتەرەکانی تری پەیوەندی قەیرانی شەرعیەتی سیاسی بە سیستمی سیاسی زۆرن وەکو فاکتەری گەندەڵی ئابووری و کارگێڕی و سیاسی و ...هتد، کە ئەمان هەم هاوسەنگی نێوان سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی و هەم نێوانی خەڵک و دەسەڵات تێکدەدەن. لێرەدا قەیرانی شەرعیەتی سیاسی دەرگا بۆ چەندین قەیرانی تری وەکو قەیرانی ناسنامە و تکاملی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و ... دەکاتەوە کە هەموویان لێکەوتەیان دەبێت لەسەر ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی سیاسی.

یەکێک لە قەیرانە گەورەکانی شەرعیەت (شرعنە) بۆ سسیستمی سیاسی بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بریتییە لە پیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن ئەوکەسانەی کە حەزی پاوانکردنی دەسەڵات و مانەوەیان لەدەسەڵات هەیە. ئەم ریتمە سیاسییە بەرەو دەسەڵاتی ئیستیبدادی و دیکتاتۆری و تاکڕەویان دەبات. ئەمەش هیچ بەهایەک بۆ پلۆرالیزم و پێکەوەژیان و جیاوازییەکان و دەستاودەستی دەسەڵات ناهێڵێتەوە.

هەندێک جار **پێوانەکردنی شەرعیەتی سیاسی بەشێوازێکی فێڵاوییە**، ئەمەش کێشە بۆ شەرعیەتی سیاسی دروست دەکات، چونکە سیستمەکە چەند ئاماژەیەک نیشان دەدات کە گوایە پشتگیری هەیە، وەک ئاستی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان، پشتگیری چالاکانەیان بۆ کردەوەکانی حکومەت، یان فۆڕمی بەدیل بۆ پابەندبوون (وەک پێدانی باج یان نەبوونی ناڕەزایەتی) و چەندین ئاماژەی تری فێڵاویی. بەڵام لەکاتی بەئاگاهاتنەوەی خەڵک لەم فرت و فێڵانە و دەرکەوتنی روی راستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی و تاکتیکەکانی بۆ مانەوە و بەردەوامی لەدەسەڵات دەبێتە هۆکاری دابەزینی

شەرعیەت و متمانەی سیاسی زۆر بەخێرایی و ئەمەش سیستمەکە روبەڕووی قەیرانی گەورە دەکاتەوە.